# ڕێگا چارە جیایی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیە!

**لەوەلامی قسەکانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان کە دەڵێ:**

**" ئێمە موستەحەقی دەوڵەتێکی سەربەخۆین بەلام کەدەوڵەتمان دروستکرد ناتوانین بیپارێزین"**

**نوری بەشیر**
n.bashir3@ukonline.co.uk

دوێنێ پینج شەممە ڕێکەوتی 2006/12/28 نێچیرەڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی کوردستان، چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی لەزاگۆرس تیڤی بلاوکرایەوەو ئەمرۆ 12/29 لەماڵپەری هاولاتی دا بەشێك لەو قسەکانە داگیراوە:

لەچاوپێکەوتنێکدا کە ئەمشەو پێنج شەممە لەزاگۆرس تیڤی بلاوکرایەوە، نێچیرەڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان باسی سەربەخۆیی کوردستانی کردو ووتی " ئێمە موستەحەقی دەوڵەتێکی سەربەخۆین بەلام کەدەوڵەتمان دروستکرد ناتوانین بیپارێزین". هەروەها سەرۆکی حکومەت ووتی " بەهۆی ئەوەی بناغەیەکی ئابوری بەهێزمان نییە بۆیە گەر سەربەخۆیی رابگەیەنیین ناتوانین پارێزگاری لێبکەین" وتیشی " لەئیستادا سەربەخۆی رابگەیەنین زەرەر لەمیللەتەکەمان دەدەین".

دەربارەی رۆڵی پێشمەرگەش لەئاسایشی عێراقدا، سەرۆکی حکومەت وتی " پێشمەرگە نانێرینە بەغدا ببێتە لایەنێك لەشەرەکاندا بەلام ئامادەین شەر لەگەڵ تیرۆریستان بکەین".

بێگومان لەم دوو پەرەگرافە کورتەدا نێچیرڤان بارزانی کەسەرۆکی حکومەتی ئەمرۆی کوردستانە، وە یەکێکە لەسەرانی ناسیونالیزمی کورد، دوو مسائیلی زۆر گەورە مەترەح دەکات، بەتایبەت پەرەگرافی یەکەمی تایبەت بەمەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان. ئەگەر کەسێك بەدیقەت نەبێت یان قەڵەم بەدەستێکی ناسیونالیزمی نیگەران لەناسیونالیزم بێت رەنگە ڕێگای لێ هەڵە ببێت و بڵێت کە سەرانی ئەحزابی کوردی 180 دەرەجە بایان داوەتەوەو ئێستا باس لەسەربەخۆیی کوردستان دەکەن، لەبەر ئەوەوی بەدرێژایی تەمەنیان باسیان حوکمی زاتی بووەو ئەگەر چی لەم چەند ساڵەی دوای روخانی رژیمی لەعسدا، هەنگاوێك چوبوونە پێشەوەو باسیان گۆرا بۆ فدرالیزم و یەکپارچەیی خاکی عێراق، بەلام ئەمجارەیان قەفزەیەکی گەورەیە لەژیانی سیاسی سەرانی ناسیونالیزمی کوردا!.

لەم باسەدا بەتەفصیل لەسەر باسی پەرەگرافی یەکەم لەسەر سەربەخۆیی کوردستان ئیشارە پێدادەگرم، بەهۆی ئەوەی مەسەلەیەکی زۆر حەساس و چارەنوسازی لەسەر ئایندەی خەڵکی کوردستانی هەژاندوە، وە باسێکی کردوە رەنگە ئەمە بۆ ساڵەکانی 75 و هەتا سەرەتایی 80 کان باش بێت و مشتەری بۆ پەیدا ببوایە، بەلام بۆ وەزعی ئەمرۆی کوردستان و تەجروبەی 16 ساڵی رۆژانەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەم حیزبە کوردیانە و دەسەلات و پەرلەمانیان، ئیتر بازاری

نەماوە، دەبێ کەسانی دەوری ئەم حیزبانە کەبەباسێکی پێچەوانەی ئەمە پێشتر تەوەهومیان هەبوو، ئیتر فاصلە بگرن لەم جۆرە قسە پیچ و پەناو چەواشەکاریانە.

هەردوو پەرەگراف لەقسەکانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان باسی زۆر وردتر هەڵدەگرن، بەهۆی ئەوەی خاڵی هاوبەش لەهەردوو پەرەگرافەکەدا هەیە، وەك دوو مەوزعی جیاواز بەلام لیکگرێدراو گرنگ و پەیوەندار بەچارەنوسی خەلکی کوردستانەوە، لەئیشارەیەکی کورت بەپەرەگرافی دووەمەوە دەست پێدەکەم:

دەربارەی رۆڵی پێشمەرگەش لەئاسایشی عێراقدا، سەرۆکی حکومەتی کوردستان دەڵێ" پێشمەرگە نانێرینە بەغدا ببێتە لایەنێك لەشەڕەکاندا بەلام ئامادەین شەر لەگەڵ تیرۆریستان بکەین". ئەم پەرەگرافە کە پیشمەرگە نانێرن بۆ بەغدا تا ببێتە لایەنێك لەشەڕەکاندا بەلام ئامادەن شەر لەگەل تیرۆریستان بکەن، ئینسان دەخاتە بیرکردنەوە تۆ بلێی شوێنێکی کە هەبێت جیا لەوەی رۆژانە ئەبیسترێ و ئەبینرێ لەعیراقدا، تا ئەمان بەپیشمەرگە شەری تیرۆریستان بکەن!؟ واتە قسەکەی تاکید لەوە دەکاتەوە کەئەمان شەری تیرۆریستان بەپێشمەرگە دەکەن، ئەو تیرۆریستانەی کەئەمەریکا شەری لەدژیان ریگەیاندوە، وە ناوەندەکەیان عیراقە نەك کوردستان، ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی حکومەتی مەرکەزیەو هەمووی وەك یەك وایە، واتە هەموو شارەکانی عیراق وەك بەغدادی پایتەختی لیهاتوە، دەمەوی بلێم ئەمە چەواشەکاریکی ئاشکرایە بەرامبەر خەلکی کوردستان و بۆ هیزێکی چەکدار کەلەدەوری یەکیتی و پارتین، شەرکردن مەیدانی هەیە ئەگەر ببیرێنە بەغداد یان بەصرەو موصلیش، فەرقیکی وای نیە، واتە لەهەموو حالەتەکەدا پێشمەرگە دەنیرنە ناو ئەو شەرەوەو بەکوشتی دەدەن ( کە پێشمەرگە هەمووی کوردی خەلکی رەش و رووتی کوردستانە، نەك سەرانی ئەحزابی کوردی)، ئەوەش واقیعە کەهیزەکانی ئەمریکاو عیراق لەچەند سالی رابدودا گیرۆدەی بوون و رۆژانە بەدەیانیان لیدەکوژرێت، لەهەردوو حاڵەتەکەدا پێشمەرگە ئەبرێتە ناو ئەو شەرەوە، کەئەمرۆ شەری جەماعەتی قاعیدەی پێ ئەکرێو سبەینی شەری جەماعەتی صدرو قواتی مەهدی و رۆژێکی کە شەری لایەنێکی کە.

لەهەموو حالەتێکدا ئەمە بەدوای راپۆرتەکەی بێکەر – هاملتۆندا هاتوەو بەشێکە لەسیاسەت و داواکاری ئەمریکا و ناکامیەکانی لەبەرامبەر وەزعی عیراقدا، واتە بەعەمەلی بردنی کوردستانە بۆناو جەنگی خوێناوی و سیناریۆی رەشی عیراق، واتە بەکوشتدانی خەلکی کوردستانە کەسەرەتاکەی بەبەکوشتدانی پێشمەرگەو دوایش بریاری کە خەلکی کوردستان ئەبێت بەشداری شەری دژی تیرۆر و نائەمنی عیراق بکات، بەوەش کوردستان دەبرێتە ناو ئەو شەرەوە کەرۆژانە خەڵکی عیراقی دەبنە قوربانی.

خاڵی هاوبەشی ئەم پەرەگرافە لەگەڵ پەرەگرافی یەکەمدا ئەو چەواشەکاری و پێچ و پەنایەیە کە لەمیژووی سەرانی ئەحزابی بزوتنەوەی کوردایەتیدا بەرجەستەیەو هەمیشە بەرامبەر خەڵکی کوردستان لەخۆیان نیشانداوە.

لەپەرەگرافی یەکەمدا زیاترو روشنتر سەرۆکی حکومەتی کوردستان باسەکەی رۆشنتر دەبێتەوەو خوێنەر و گوێری تەلەفزیۆنی زاگرۆس تیڤی سەرنجیان دەچێتە سەر قسەکانی و بیردەکەنەوە، ئەم باسەی من لایەنێکی وەلامە بەقسەکانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان، لایەنێکی تری وەلامە بەو قەڵەم بەدەست و کەسانەی کەلەدیوەخانەکانی ناسیونالیزمی کوردا ئاویان دەخواردەوەو بەشوێن چەواشەکاریەکانی ناسیونالیزمی کوردا دەرۆیشتن یان دەبونە ئالا هەلگری.

قسەی دوێنی و قسەی ئەمرۆی سەرانی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردا!

حیزبە ناسیونالیستە کوردەکان و سەرانیان، پێشتر تەوەهومێکی گەورەیان لەناو خەڵکی کوردستاندا بلاوکردبۆوەو کردبویانە ئەقڵیەتی بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان و دەیانوت " ئەگەر ئێمە باس لەسەربەخۆیی کوردستان بکەین، ئەوا ئەمریکا رازی نابێت، ئەگەر باسی لەسەر بەخۆیی کوردستان بکەین، ئەوا دەوڵەتانی ناوچەکە لەوانە ئیران و تورکیا و عیراق و سوریا قبوڵی ناکەن و هێرش دەکەنە سەرمان و کوردستان کاول دەکەن و ژن و منداڵمان ئەنفال و کیمیایی باران دەکەن".

بۆ هەر کەسێك کە ئەم قسە تازانەی سەرۆکی حکومەتی کوردستان ببیستیٚ، بەتاکید دەکەویٚتەوە بیری جارو جەنجاڵی چەند دەیەی رابردوویان کەسەری زمان و بنی زمانیان تەنیا "حوکمی زاتی" بوو، بۆتەنها جارێکیش باسی سەربەخۆیی کوردستان وەك ریگا چارەی کۆتایی سەرگەردانی و بیئاسۆیی خەڵکی کوردستان بەدەمدا نەدەهات، ئەویش لەبەر ئەوەی کە ئەمریکا رێگا نادات و وولاتانی دراوسیش قبولٚ ناکەن.

بەلام ئیستا باس و قسەکانیان گۆراوە بۆ شتێکی تر، بەلام لەهەمان کاتداو وەك دەورەی پێشوو هەموو دەرگاکان بەرووی خەڵکی کوردستان و هیزو لایەنێك کەلەپشت سەری خەڵکی کوردستان و ریگا چارەی کۆتایین بۆ دەرچون لەبێئاسۆی کوردستان دادەخەن، بەوەی کەدەڵیٚ: " ئێمە موستەحەقی دەوڵەتێکی سەربەخۆین بەلام کەدەوڵەتمان دروستکرد ناتوانین بیپارێزین"، " بەهۆی ئەوەی بناغەیەکی ئابوری بەهێزمان نییە بۆیە گەر سەربەخۆیی رابگەیەنیین ناتوانین پارێزگاری لێبکەین"، " لەئیستادا سەربەخۆی رابگەیەنین زەرەر لەمیللەتەکەمان دەدەین".

تا بەبەشی یەکەمی ئەم پەرەگرافە دەگەرێتەوە، رەنگە من نەختێك لەگەڵ جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستاندا موتەفق بم ، بەتایبەت لە 16 ساڵی رابردووی دەسەلاتیاندا، ئەحزابی ناسیونالیزمی کورد، ئەوەیان سەلماند کەبێلیاقەتن لەبەریوەبردنی دەولەت و پاریزگاری کردن لیٚی، وە تا بەرژەوەندی خۆیان وەستابێت، ناتوانن بەرژەوەندی خەڵکی کوردتسان و دەڵەتی سەربەخۆی کوردستان بپارێزن، رەنگە زۆرێکی کە لەخەڵکی کوردستانیش لەگەل ئەم رایەی من و سەرۆکی حکومەتی کوردستان متەفق بن،.

نزیك بەدوو دەیەی رابردوو کە بەهێزی خەڵکی و لەپێشیانەوە هەلسوراوانی چەپ و کۆمۆنیست و شوراکان، کوردستانیان لەهیزەکانی حیزبی بەعسی دکتاتۆر پاك کردەوەو ئەمان سواری شەپۆلی نارەزایەتی خەڵك بوون و پاڵپشت کران لەلایەن ئەمریکاوە، وەك پاسەوانی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لەکوردستان، بۆ ئەمریکا کوردستان سەرەتا وەرەقەی فشار بوو لەسەر صدام و دوایی وەك فشار لەسەر باڵەکانی سوننەو شیعە، ئەمرۆش راپۆرتەکەی بێکەر – هاملتۆن دەیەوێت کوردستانیش وەك عیراقی بەسەر بێت، بەلام بۆ یەکجاریش لەسەر هەموو ئەوانە راستیان بەخەلکی کوردستان نەوتوە. سەرانی یەکیتی و پارتی بۆ یەکجاریش بەرۆشنی باسی جیابونەوەی کوردستان و دەولەتی سەربەخۆیان نەکردوە، هەمیشە نانیان لەسەرگەردانی و دەرەجەدوویی خەلکی کوردستاندا خواردوە.

بەبیٚ ئەوەی باسیان لەجیایی کوردستان کردبێت، تەنیا ئەوە نەبێت بەشان و باڵی حوکمی زاتی و بەشداری لەدەسەلات و فدرالیزم و یەکپارچەیی خاکی عیراق هەلیانداوە و خەریکی ماستاوکردن بوون بۆ دەولەتانی ناوچەکەو ئەحزابە عەرەبیە قەومی و ئیسلامیەکانی ئۆپۆزسیۆن و خۆگرێدانەوە بەسیاسەتی ئەمریکاوە، بەلام بەردەوام هیزەکانی تورکیاو ئیران لەکوردستاندا تەراتێنیان کردوە، بەبیرهێنانەوەیەك بۆ خەڵکی کوردستان جێگای خۆیەتی، کە نەك هیزەکانی تورکیا سنوریان برِیبێت، بەڵکو خۆیان سواری پێشی دەبابەکانی تورکیا دەبون و پێشلەشکریان بۆ سوپای تورکیا دەکرد بۆ ناو

قولایی خاکی کوردستان، پێشلەشکریان دەکرد بۆ دەولەتانی ناوەچەکە بۆسەر بارەگاکانی یەکیك لەحیزبە کوردیەکانی کە، ئەو راستیە بۆ خەلکی کوردستان ئاشکرایە، کە پیشلەشکریان بۆ سوپاو پاسدارانی جمهوری ئیسلامی ئیران کرد بۆ ناو قولایی خاکی کوردستان و لیدان لەبارەگاکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران. خۆ ناتوانن هیچیان ئینکاری ئەوە بکەن لە 31 ئابدا دەستی هێزەکانی حیزبی بەعسیان گرت و نەك هێنایانەوە کوردستان بەلکو شەری حیزبی هاوپەیمانی ئەمرۆیان پێکرد، خۆ ناتوان هیچیان ئینکاری ئەوە بکەن لە شای ئیران بەبراگەوره دانراو صدام بەئەندازیاری حکومی زاتی، وە ڕشتنی فرمێسکی تیمساحی لەسەر گۆری خومەینی و ماستاوکردن لەبەردەم دەولەتی تورکیادا.

هەموو ئەوانە بەشێك بوون لەسیاسەت و ماهیەتی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی، بەلام بۆ یەکجاریش نەیانتوانی لیاقەتێك لەخۆیان نیشانبدەن و نارەزایەتیەك دەربرن بەدەولەتانی کۆنەپەستی ناوچەکەو دیفاع لەجیابونەوەی کوردستان بکەن. نەك تەنیا ئەمەیان نەکرد بەلکو ئەگەر ئەحزابێك هەبوو بێت لەچەشنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق، دیفاعی لەجیابونەوەی کوردستان و دروستکردنی دەوڵەتێکی سەبەخۆ لەکوردستاندا کردبێت، وەك ریگا چارەو دەرچونی کوردستان لەو سەرگەردانیەی تیایدا بوو، ( کوردستان نەبەشیك بوو لەعیراق و نەدەولەتیکی سەربەخۆ بوو، بەلکو کەمپێکی ئاوارە بوو بەخێرو صەدەقەی ولاتان و ریکخراوە خیرخوازەکان دەژیا، وە هەموو رۆژێکیش سوپای تورکیا و ئیران سنورەکانیان دەبەزاند)، بەلام ئەمان ئەم حیزبەیان دا بەدادگا، بەوەی کەقسە لەسەر جیایی کوردستان و دەولەتی سەربەخۆ دەکات!، ئەوەبوو بەدادگایکردنی ئەم حیزبەشەوە نەوەستان، تەلەیان بۆ داناو هێرشیان کردە سەری و 5 لەئەندامانیان تیرۆرکرد، دەستیان گرت بەسەر بارەگاو ئۆفیسەکانیان و حیزبەکەیشیان قەدەغەکردو تا ئیستاش هەلسوراوان وئەندامان ودۆستانی ئەم حیزبە راودەنێن ...

بەلام با دانەوەی سەرانی ئەم حیزبە کوردیانە کەهەمان قسەی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری دەکەن بەلام بەشیواوی، بۆخۆی خوێنەرو بینەر ئەبێت بخاتە بەردەم کۆمەلێك پرسیاری جدی لەسەرۆکی حکومەتی کوردستان و سەرجەم سەرانی ناسیونالیزمی کورد و پیان بلێن بەخێر نەیەنەوە بۆ خۆتان و حکومەتتان، ئەی لە 16 سالی رابردودا پیازتان پاکردوە، فێر نەبوون کە پاریزگاری لەکوردستان بکەن، فێر نەبوون بێنە پای ئەوەی کەدەولەتی سەربەخۆ دروستبکەن و پاریزگاری لیبکەن!، بەلام هەر لەو ماوەی دەسەلاتەتاندا، باشتر فێری دزی و گەندەڵی ئیداری بوون، باشتر زیندانی بیدادگاتان دامەزراندوە، باش ئەتوانن پاریزگاری لەبەرژەوەندیەکانی حیزبەکانتان وسەرۆك عەشیرەت و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و دەولەتانی ناوچەکە بکەن، بەلام ناتوانن پاریزگاری لەکوردستان بکەن ئەگەر سەربەخۆ بێت!.

سەرۆکی حکومەتی کوردستان، لەدریژەی قسەکانیدا دەلێت:

" بەهۆی ئەوەی بناغەیەکی ئابوری بەهێزمان نییە بۆیە گەر سەربەخۆیی رابگەیەنیین ناتوانین پارێزگاری لێبکەین"، " لەئیستادا سەربەخۆی رابگەیەنین زەرەر لەمیللەتەکەمان دەدەین".

ئەمجا لەخالێکی تردا ئەمان نایانەوی سەبەخۆیی رابگەیەنن لەبەر ئەوەی زەرەر لەمیللەتەکە دەدەن، لەم پەرەگرافەدا تاکید لەوە دەکاتەوە کە ئەمان لەپشت سەری خەلکی کوردستانەوەن و نایانەوێ خەلکی کوردستان بەراگەیاندنی سەربەخۆیی زەرەرمەند بکەن!، کەوا دەرئەکەوی ئەمان واتە یەکیتی و پارتی دەتوانن سەربەخۆیی رابگەیەنن بەلام خۆیان بەقازانجی خەلکی کوردستان ئەمە ناکەن، بۆ ئەمەش دوو خالی هیناوەتەوە یەکەم ئەوەبوو باسمان کرد کە ئەڵێ: " ئێمە

موستەحەقی دەوڵەتێکی سەربەخۆین بەلام کەدەوڵەتمان دروستکرد ناتوانین بیپارێزین"، دووەم ئەڵێ : " بەهۆی ئەوەی بناغەیەکی ئابوری بەهێزمان نییە بۆیە گەر سەربەخۆیی رابگەیەنیین ناتوانین پارێزگاری لێبکەین".

سەرانی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد و حکومەتی هەریم و پەرلەمانەکەیان، بۆ ئەم قسانەی سەرۆکی حکومەتی کوردستان، ئەبیت سیاسەتمەدارو ئابوری زان و تیۆریسەن و قەڵەم بەدەستی ناسیونالیستی پەیدا بکات، بۆ ئەوەی بەرگری لەو بیرۆکانە بکات و بۆ خەلکی کوردستانی رونبکاتەوە و ئەمجارە ترس لەهیچ نەماوە ئەگەر دەولەتی سەربەخۆ رابگەیەنن. بەلام کیشەی تریان هەیە!، ئەوەتا دەڵێ ئێمە دەتوانین سەربەۆخیی رابگەیەنین بەلام خۆمان نامانەوەی لەبەر ئەو دوو هۆیە. رەنگە گۆرانگاریەك بەدوای راپۆرتەکەی بێکەر – هاملتۆندا هاتبێت، یان کاتێك - بۆش - ی سەرۆکی ئەمریکا تەلەفونی بۆ مسعود بارزانی کردوەو لەهەموو شتێك دڵنیایی کردۆتەوە کەهەموو شتێك بەدڵی ئەوانە و هەتا دەتوانن دەولەتی سەربەخۆش راگەیەنن، بەلام ئەمان لەبەر قازانجی خەڵکی کوردستان ئەو دەوڵەتە راناگەیەنن، بۆ لەبەر ئەوەی ئەمان حاکمانی 16 سالەی کوردستان ناتوانن پاریزگاری لێبکەن و نایانەوی راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان، ماڵی خەڵکی کوردستان کاولبکەن وزەرەمەند بن!.

رەنگە تا بەدەولەتانی ناوچەکەش دەگەرێتەوە، گۆرانگاری دروست بوو بیت و ئیتر تورکیاو ئیران و سوریا متەفق بن بەمافی میللەتان لەچارەنوسیاندا و ئیتفاقیان کردبیت لەگەل یەکیتی و پارتی کەئەمان رازین و دەتوانن دەولەتی سەربەخۆ لەکوردستان رابکەیەنن، تا بەحکومەتی عیراقیش دەگەریتەوە ئەوە سەرۆك کۆمار و وەزیری دەرەوەوەو نیزکی دەرزەنێك وەزیری کورد و ئەندام پەرلەمان لەحکومەتی عیراقدان، واتە موافەقەتی حکومەتی عیراقی بۆ سەربەخۆیی کوردستان، لەدەستی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد خۆیاندایە، وە دەولەتی مالکی بەئیتیفاق دروستیان کردوەو ترسێکیان لێی نیە!.

بەلام پرسیاریك ئەوەیە کە سەرۆکی حکومەتی کوردستان، چۆن ئەندامان و لایەنگرانی خۆی و خەڵکی کوردستان بەم بیرۆکەو قسە تازانە قەناعەت پیدەکات و هەروەها بیرۆکەی چەواشەکارانەی ئەوەی ئەمریکا و دەولەتانی ناوەچەکە لەسەر جیایی و دەولەتی سەربەخۆ لەکورستان ریگا نادەن و رازی نابن، چۆن تەوەهومەکانی پێشویان لا دەرِوەنێتەوەو بەو بیرۆرکە تازانە قەناعەتیان پێدەکات؟.

لەدەساڵی رابردودا وەختێك مەنسوری حیکمەت تەرحی ریفراندۆم و جیابونەوەی کوردستانی عیراقی کرد و حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق بەعەمەلی شوینی کەوت، رێزیك کاسەلێس و قەڵەم بەدەستی ناسیونالیستی دواکەوتوو هەبوون، زیاتر لە لەجلال تالەبانی و مسعود بەرزانی و نیچیرڤان و نەوشیروان مستەفا، بەدژی حیزبی ناوبراو وەستانەوە، دەیانوت ئێوە هیچ لەسیاسەت نازانن و توند رەون و هەلومەرج لیکنادەنەوەو ناتوانین باسی جیابونەوەو سەربەخۆیی کوردستان بکەین، دەیانوت یەکیتی و پارتی زۆر واقیعی بیردەکەنەوە، ئەمریکا و دەولەتانی ناوچەکە ریگا نادەن کوردستان جیا بێتەوە، وە خۆیان دەزانن کەی باسی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، هەتا ریزێك ناسیونالیستی قەڵەم بەدەستی پارەخۆریان بۆ پەیدا کرد کەبەدژی حەرەکەتی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری بۆ جیایی کوردستان و ریفراندۆم بوەستنەوەو ئەوەبوو بزوتنەوەی ریفراندۆمیان قوتکردەوە، تەنیان بۆ لیدان لەبیرۆکەو تەرحی ریفراندۆم و جیایی کوردستان و پیکهینانی دەولەتی سەربەخۆ. ئەوەبوو حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریان کردە نیشانەو رۆژێك رۆژنامەیان قەدەغەدەکردو رۆژێك دەچونە پشت سەری ئیسلامی سیاسی بەدژی حیزب و هەلیاندەکوتایە سەر ئیزاعەکەی و پشتگیری فتوای رابەرانی ئەم حیزبەیان دەکردو ئەندامان و دۆستانی ئەم حیزبەیان راودەناو دەگرت و تا دەگاتە رێکخراویکی جەماوەری لەچەشنی

قوتابیان و سەنتەری منالان و یەکیتی بیکاران و هەتا ریکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانیاش بوونە نیشانە، بەوەی نزیکن لەحیزبی کۆمۆنیستی کریکاری و رادیکال و مەدەنی و ئینسانی بیردەکەنەوەو متەفقن لەگەل حیزبی ناوبراو لەسەر سەربەخۆی کوردستان.

کەواتە هەلسوراوانی بزوتنەوەی ریفراندۆم و ئەو توندرەوە ناسیونالیستانە کەلەسەر سیاسەتی ئەوکاتەی سەرانی یەکیتی و پارتی شەریان دەکردو کوێرانە دژی سیاسەتی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری بوون لەسەر تەرحی واقیعی و عەمەلی چارەی کیشەی خەلکی کوردستان، دەبێت بیرێکی جدی بکەنەوەو هەلومەرجی کوردستان هەلسەنگێنن بزانن ئایا یەکیتی و پارتی ئەم چەواشەکاریەیان لەچی یە!؟ وە بەشوێن چیەوەن و لەوکارانەیاندا بەقازانجی کێ هەلدەسورین؟، بەم قسانەیان لەکوێی داخوازیەکانی خەڵکی کوردستاندا وەستاون، وە راپرسیەك بەخەڵکی کوردستان بکەن، بزانن خەلکی کوردستان جیابونەوەی کوردستان وپیکهینانی دەولەتی سەربەخۆ لەقازانجیانەو دەیانەوێ یان نا، ئەگەر قسەکە وادەرنەچوو، کەسەرانی یەکیتی و پارتی دەیانەوێ، ئەبێت ئیوە بارگەو بنەتان لەپاڵ یەکیتی و پارتی سەرانیدا بپێچنەوەو بێن لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری، بۆ ریفراندۆم و جیایی و دروستکردنی دەولەتی سەربەخۆ لەکوردستان، کە ئیستا حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری بەعەمەلی کاری بۆ دەکات.

سەرۆکی حکومەتی کوردستان، لەدریژەی قسەکانیدا وەك هاولاتی دایگرتوە، دەڵێت، " بەهۆی ئەوەی بناغەیەکی ئابوری بەهێزمان نییە بۆیە گەر سەربەخۆیی رابگەیەنیین ناتوانین پارێزگاری لێبکەین". ئەمجارەش سەرۆکی حکومەتی هەرێم وەك دەورەی پێشوو، دەیەوێت هەموو دەرگاکان بەرووی خەلکی کوردستاندا دابخات، بەوەی کەهیچ شیوەیەك باسی سەربەخۆیی کوردستان نەکرێ، چونکە زۆر مەترسیدارە، بەزەرەری خەڵکی کوردستانە، پێشوو ئەگەر باسیان بکردایە خەلکی کوردستان ئەنفال و کیمیایی باران و ئیعدام ئەکرا، ئیستاش ئەگەر چی ئەتوانن باسی بکەن و هەتا رایشی گەیەنن، بەلام نابیت، لەبەر ئەوەی هێشتا ئەحزابی ناسیونالیستی کورد ئامادەییان نیە، یەکەم ناتوانن پاریزگاری لێبکەن و دووەم ئابوریەکی بەهیزیان نیە. بەلام هەموو ئەوانە شتێك نیە جیا لە تەفەرەو فریوو چەواشەکاری، ئەحزابی ناسیونالیستی کوردو لەسەرو هەموویانەوە یەکیتی و پارتی، هیچ کات کیشەی جیابونەوەی کوردستانی نەبووە، بەلکو هەمیشە کاریان مفاوەزە – شەر – مفاوەزە بوە بۆ ئەوەی ببنە شەریکە بەش لەدەسەلاتدا، وە بەهاوبەشی لەگەل دەولەتی مەرکەزی سەرکوتی خەلکی عیراق و کوردستان بکەن، هەتا هەر کەسێك شەرەکانی نیوان یەکیتی و بالەکانی تری ئەحزابی کوردی لەشاخ بێتەوە یاد، کەیەکیتی بۆچی بەتەنیا شەری هەمویانی کرد، تەنیا بۆ ئەوە بوو بەتەنیا بچێتە مفاوەزات لەگەل رژیمی بەعسدا، بۆ ئەوەی بەتەنیا ببێتە شەریکە بەش لەداهاتی خەلکی عیراق و کوردستان.

داخستنی هەموو دەرگاکان بەرووی خەڵکی کوردستان لەسەر ئایندەی کوردستان و ریگا چارە بۆ!؟، ئەم چاوبەستە تازەیە چیە لەخەڵکی کوردستان؟، ئایا ئەمە بۆ خەڵکی کوردستان یەك تۆزقاڵ شوینی رەزامەندیە کاتیك سەرۆکی حکومەتی کوردستان دەڵێت : " بەهۆی ئەوەی بناغەیەکی ئابوری بەهێزمان نییە بۆیە گەر سەربەخۆیی رابگەیەنیین ناتوانین پارێزگاری لێبکەین".

پرسیاریك خۆی مەترەح دەکات، ئایا بو گەندەڵترن و دەڵەترین  ئەحزابی دنیا کەکێشەی میللەت و خەڵکەکەی لەمەسەلەی جیابونەوەو سەربەخۆیدا ببینێتەوە، بۆ یەك زەرە لەسەر ئەوەی ئابوری بەهێزی نیە، راگەیاندنی سەربەخۆیی دوادەخات، کێ بەم قسەیەی سەرۆکی حکومەتی کوردستان بێجگە لەمەلای مزگەوتەکان و کاسەلێس و قەڵەم بەدەستانی ناسیونالیست

ئەڵێت ئامین، کێ بەقسەکانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان باوەر دەکات، کەئەوان ئابوریان نیە، ئایا خەڵك لیان ناپرسێت ئەی ئەم چەند ساڵە لەکوردستان چیتان کردوەو چۆن کوردستانتان بەرێوە بردوەو چۆن حاکمیەتتان کردوە چۆن پاریزگاریتان لەبەرژەوەندی حیزبەکانتان کردوە!

ئایا ئەندامان ودۆستانی ئەو حیزبە کوردیانەو خەڵکی بیلایەن و شەرافەتمەندی کوردستان ناپرسێت سەرۆکی حکومەت تەنیا یەك نموونەمان پێ بلێ لەدنیادا، کەکێشەی میللەتێکی چەند ملیۆنی بەسەربەخۆی چارەسەر بێت، کیشەو دەرەجەدوویی و کوشتن و کاولکاری خەلکی بەوە چارەسەر بێت، تۆ بیبەستیتەوە بەوەی کەئابوری بەهیزمان نیە، ناتوانین پاریزگاری لێبکەین، ئەی خەلکی کوردستان و هەر چاودێرێکی تر بەسەر وەزعی کوردستانەوە بێنی پیتان نالێت، جەنابینە ئەی بەچی ئێوە لە 16 ساڵی رابردودا حاکمیەتتان کردوە، هەموو سەروەت و سامانی کوردستانتان چی لێکرد، یان دەتانەوێت لەگەل ئەحزابە کۆنەپەرستە ناسیونالیست و ئیسلامیە عەرەبیەکاندا شەریکە بەش بن لەدەولەتدا، شەریك بن لەسەرکوت و کوشتاری کرێکاران و زەحمەتکیشانی عیراقیشدا، تەنیا بۆ ئەوە بەرژەوەندی خۆتان بپارێزن!؟.

ئەبێ هەردوو ئەحزابی ناسیونالیستی کوردو سەرانیان ئاگادار بن، خۆگریدان وخۆجوتکردنی بەردەوامتان لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا لەعیراقدا کەشکست و ناکام ماوەتەوە، کۆنەپەرسترین و دکتاتۆرترین ئەحزابی ناسیونالیستی قەومی و ئیسلامی عەرەبی دێنیتە پێشەوە و دەولەتی مەرکەزیان لێپیکدێنێت بەبەعسیەکانیشەوە، ئەوکات ئیوە بەم عەقلێەت و کارکردنەتانەوە دەبێت بەشێك و ئامرازێکی دەستی ئەو دەولەتە بن بۆسەر کوتی خەڵکی عیراق و کوردستان لەپیناوی کورسی و بەرژەوەندی خۆتاندا.

حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری بەهەموو هیزیەوە لەمەیداندایە بۆ ریگەگرتن لەو چەواشەکاری و گریدانەوەی کوردستان بەو سیناریۆ رەشەی ئەمرۆی عیراق و بردنی خەلکی کوردستان بۆ ناو ئەو گیژاوی جەنگە تایفی و قەومی و تیرۆریستی و غەیرە ئینسانیەی کەدیاری دەستی ئەمریکایە بۆ خەلکی عیراق و کوردستان، تەنیا ریگا لەبەردەم خەلکی کوردستاندا بۆ ئەوەی نەچێتە ناو ئەوجەنگەوە کە جەنگێکە ئەمریکا بەریی خستوە لەپیناو بەرژەوەندیەکانیدا، جیایی کوردستان و دەلەتی سەربەخۆیە.

دەبێ خەلکی کوردستان چیتر ئەو فریوو چەواشەکاریانەی سەرانی ئەحزابی کوردی و حیزبەکانیان قبول نەکەن و بۆ هەمیشە دابرانی خۆیان بکەن لەگەلیان، بۆ ئەندامان و لانگرانی ئەو حیزبانە زەرورە پەتی چەواشەکاری لەگەردنی خۆیان داماڵن و لەدەوری ریگا چارەی ریفراندۆم بۆ جیابونەوەو پیکهینانی دەولەتی سەربەخۆ لەکوردستان کۆببنەوە، بۆ ئەوەی جاریکی کە نەکەونەوە ژیر دەستی کوشت و کوشتاری دەولەتی مەرکەزی دکتاتۆری قەومی و ئیسلامی عەرەبیەوە، کەئیستا ئەمریکا خەریکی دارشتنی نەخشەیە بۆی، ناوەرۆکی راپۆرتەکەی بێکەر – هاملتۆن و قسەکانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان، هەمان ئەو نەخشەیەی ئەمریکا دەباتە پێشەوە، زەرورە خەلکی کوردستان لەدەوری ریگاچاری ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان کۆببنەوەو کاری بۆ بکەن.

2006/12/29